Vägverket

# بەشێکی تازە لە خوێندن لەسەر پڕکێشی بۆ مۆڵەتی شۆفێری(ماشینی کەسی، دەستەڵاتپێدراوی – B)

**ئەو خوێندنی پڕکێشییە (مەترسی) بەزۆرەملێیەی کە بۆ مۆڵەتی شۆفێری – B لە 1 ی ئەپریل ی 2009 وەهەیە، فراوانتر کراوە بە هەندێک لەسەر ئەلکوهول، مادەی بێهۆشکەر وە ماندوویەتی. خوێندن لەسەر پڕکێشی ئێستا دوو بەش دەگرێتەوە:**

- بەشی1 لەسەر ئەلکوهول، مادەی بێهۆشکەر، ماندوویی وە ڕەفتاری پڕکێشییە بە گشتی.
- بەشی2 وەکو خوێندنە کۆنەکەی جارانە لەسەر پڕکێشی(ڕێگای خز) وە لەسەر خێرایی، بێ وەیی وەئاژۆتن لە هەلومەرجی تایەبەتیدا.

کاتێک کە تۆ تاقیکردنەوەی تیۆری وەئاژۆتن دەکەیت، دەبێت خوێندنی پڕکێشیت بە هەردوو بەشەکەیەوە تەواو کردبێت وە ماوەی کارکردنیان بەسەر نەچووبێت. ئەمە تۆش دەگرێتەوە کە پێشتر مۆڵەتی شۆفێریت هەبووەو لە نوێوەتاقیکردنەوەی ئاژۆتن دەکەیتەوە.

خوێندن لەسەر پڕکێشی بۆ 5 ساڵ دەخوات لە ڕۆژی کردنیەوە(ئەمە تازەیە لە 1ی ئەپریل ەوە)، بەڵام لە کاردەکەوێت هەر هەمان ڕۆژ کە مۆڵەتی شۆفێرییەکە دەردەکرێت.

## بەدەرکردن لەم داواکارییە بۆ کردنی خوێندن لەسەر پڕکێشی بە هەردوو بەشەوە

هەندێک بەدەربوون لەو پەیڕەوە تازەیە هەیە کە لەم باروودۆخانەی لای خوارەوەدا دەخوات:

1. کە تۆ پێش 1ی ئەپریل ی 2009 تاقیکردنەوەی تیۆری یاخود ئاژۆتنت بە پەسەندەوە ئەنجام دابێت وە کە تۆ ئاژۆتنی سەر ڕێی خزت پێش 1ی ئەپریل ی 2009 تەواوکردبێت:
   - تۆ پێویست ناکات کە خوێندنە دوو بەشەکەی لەسەر پڕکێشییە لە نوێوە تێیهەڵچیتەوە، هەتا تاقیکردنەوە پەسەندکراوەکە وە خوێندنی پڕکێشی یەکە ڕەوایی مابێت.
   - ئەگەر ماوەی ڕەوایی تاقیکردنەوەی تیۆری یاخود ئاژۆتن بەسەرچوو بەڵام خوێندنە کۆنەکەی لەسەر پڕکێشی بوو(ڕێگای خز) هێشتام ڕەوایی مابێت ئەوا دەبێت خوێندنی پڕکێشی بەشی 1 ی بکەیتەوە.

   ئەگەر ماوەی ڕەوایی خوێندنە کۆنەکەی لەسەر پڕکێشی بوو(ڕێگای خز) بەسەرچووبوو ئەوا دەبێت هەردوو بەشەکەی خوێندنی پڕکێشی بکەیتەوە.

2. تۆ بەتەمای تاقیکردنەوە بۆ مەبەستی سڕینەوەی مەرجەکانی خودڕەوی ئۆتۆماتیک بکەیت:
   - تۆ پێویستت بە خوێندنێکی تازە لەسەر پڕکێشی نییە.

3. تۆ مۆڵەتێکی شۆفێریت هەیە بەڵام فەرمانت پێکراوە کە بەڵگەی ئاژۆتنی پەسەندکراو بۆ بەردەوامی هەبوونی مۆڵەتی شۆفێری پێشکەش بکەیت:
   - تۆ پێویستت بە خوێندنێکی تازە لەسەر پڕکێشی نییە.

## زانیاری پتر

تۆ دەتوانیت خوێندن لەسەر پڕکێشی لای مامۆستایەک کە لەلایەن کارگێڕی گواستنەوەوە پەسەندکراوە بخوێنیت. زانیاری پتر لەسەر خوێندنی پڕکێشی وە لینک بۆ مامۆستا پەسەندکراوەکان لەم ماڵپەڕە هەیە.
www.korkortsportalen.se

تۆ هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە خزمەتگوزاری کڕیار لە دەزگای ڕێگاوبان بکەیت بەشی پرسی مۆڵەتی شۆفێری بە

0771-17 18 19

VÄGVERKET. BEST.NR. 89259. UTGÅVA 2. APRIL 2009. TRYCK: VÄGVERKET.